# نابێت قەمیس ومێزەر وشەڕواڵ وبورنس وخوف لەبەر بکات؛ مەگەر کەسێک نەعلی دەستنەکەوت، دەتوانێت خوف لەپێبکات، وبا هەتا خوارەوەی قولەپێکان بیبڕێتەوە

له عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، کەسی موحریم (ئەو کەسەی دەیەوێت حەج وعومرە بکات) چی جلێک لەبەر بکات؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نابێت قەمیس* ومێزەر وشەڕواڵ** وبورنس^ وخوف^^ لەبەر بکات؛ مەگەر کەسێک نەعلی دەستنەکەوت، دەتوانێت خوف لەپێبکات، وبا هەتا خوارەوەی قولەپێکان بیبڕێتەوە، نابێت جلێک لەبەر بکات کە بۆندار کرابێت بە زەعفەران و وەرس -جۆرێکە لە بۆن- ». ولە گێڕانەوەی (البخاري): «نابێت ئافرەت ڕووی داپۆشێت، ونابێت دەستکێش لە دەست بکات». *(قەمیس: مەبەست جلی یەک پارچەیە لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەبەر دەکرێت وەکو دسداشە، وهەروەها قەمیس -شێرت-ی ئەمڕۆیش دەگرێتەوە)، **(شەڕواڵ: مەبەست ئەو جلانەیە لە نیوەی خوارەوەی لاشە لەبەر دەکرێت وەکو پانتۆڵ وشەڕواڵ)، ^(بورنس: وەکو دسداشە وایە هەموو لاشە وسەریش دەگرێتەوە ئێستا بەزۆری لە وڵاتانی ناوەڕاست وباکووری ئەفریقیا لەبەر دەکرێت)، ^^(خوف: وەکو گۆرەوی وایە بەڵام لە پێست دروستدەکرێت

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- زانیاریان هەبوو سەبارەت بەوەی کە ئیحرام بەستن شێوەیەکی تایبەتی هەیە، بۆیە پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد سەبارەت بەو شتانەی کە ڕێگەپێدراوە کەسی موحریم -ئەو کەسەی حەج یان عومرە دەکات- لەبەری بکات. باشتر وابوو پرسیار سەبارەت بەو جلانە بووایە کە نابێت بیپۆشێت چونکە کەمن وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەو پۆشاکانەی باسکرد کە نابێت کەسی موحریم لەبەری بکات وجگە لەمانە بنچینە ئەوەیە حەڵاڵن، وئەم باسکردنە کۆی زانستی تێدایە سەبارەت بەم مەسەلەیە. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەو جلانەی بۆ ژمارد کە نابێت کەسی موحریم لەبەری بکات وئەوانەیش کە لەم جلانە دەچێت، فەرمووی (کە ئەم واتایە دەگەیەنێت): نابێت قەمیس* و هەرشتێک لەبەر بکات کە بدوورێت، ونابێت مێزەر وبورنس^ و هەرشتێک لەسەر بکات کە سەری داپۆشێت، ونابێـت شەڕواڵ** لەپێبکات و هەرشتێک ئەندامێک داپۆشێت وەکو دەستکێش جا دوورا بێت یان پێچرا بێت، ونابێت خوف^^ وهاوشێوەکانی لە پێ بکات کە پێیەکان داپۆشێت هەتاوەکو گوێزنگەکان جا لە هەرماددەیەک بێت. ئەگەر کەسێک لە کاتی ئیحرام بەستندا نەعلی دەستنەکەوت ئەوا دەتوانێت خوف لەپێبکات، ودەبێت هەتا خوارەوەی قولەپێکان بیبڕێتەوە بۆئەوەی وەکو نەعلی لێبێت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شتی زیاتری ڕوونکردەوە ئەگەرچیش پرسیاری سەبارەت نەکرابوو بەڵام پێویست بوو لەو شوێنەدا باس بکرێت، نابێت کەسی موحریم جا چ پیاو یان ئافرەت بێت جلێک لەبەر بکات کە بۆنی زەعفەران یان هەر بۆنێکی تری پێوە بێت جا ئەم جلە دووراو یان نەدووراو بێت، وئەمیش ئاگادار کردنەوەیە بۆ دوور کەوتنەوە لە بەکارهێنانی بۆن لە کاتی حەج وعومرە کردندا. پاشان ئەوەی ڕوونکردەوە کە واجبە لەسەر ئافرەت ئەمیش بریتیە لە حەرامبوونی پۆشینی دەموچاو ودەستەکان، فەرمووی: (نابێت ئافرەت ڕووی داپۆشێت، ونابێت دەستکێش لە دەست بکات). *(قەمیس: مەبەست جلی یەک پارچەیە لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەبەر دەکرێت وەکو دسداشە، وهەروەها قەمیس -شێرت-ی ئەمڕۆیش دەگرێتەوە)، **(شەڕواڵ: مەبەست ئەو جلانەیە لە نیوەی خوارەوەی لاشە لەبەر دەکرێت وەکو پانتۆڵ وشەڕواڵ)، ^(بورنس: وەکو دسداشە وایە هەموو لاشە وسەریش دەگرێتەوە ئێستا بەزۆری لە وڵاتانی ناوەڕاست وباکووری ئەفریقیا لەبەر دەکرێت)، ^^(خوف: وەکو گۆرەوی وایە بەڵام لە پێست دروستدەکرێت

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4544

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee